زانكۆی سەڵاحەدین – هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# دۆڵی ئالانە

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

## لە بووارەکانی جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:

**بەحری ئەحمەد محەمەد عەلی**

بەسەرپەرشتی:

**د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ**

**نیسان - ٢٠٢٤**

بسم الله الرحمن الرحيم

(وقل ربى زدنى علما)

القران الكريم سورة-طه ١١٤

## پێشکەشە

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- ✓ دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بو درێژە دان بە خوێندن.
- ✓ سەرجەم خەڵکی دانیشتووانی دۆڵی ئالانە.
- ✓ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و مامۆستا بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- ✓ بۆ خوای گەورە و میهرەبان، کە یارمەتی داین بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم توێژینەوە.
- ✓ خانەوادەکەم کە ڕەنج و ماندووبونێکی زوریان لەگەڵمدا کێشا.
- ✓ سەرپەرشتیارەکەم د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ بۆ سەرپەرشتیکردن و پێدانی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.
- ✓ هەموو ئەو کەسانەی کە ئەگەر بەوشەیەکیش بێت یارمەتیدەرم بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە.

# هێما كورت كراوەكان

## أ- هێما كورتكراوەكان بە زمانی كوردی

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەكان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |

## ناوەڕۆک

**بابەت**

**لاپەڕە**

پێشەکی ......................................................................................... (٧)

تەوەری یەکەم

ناو و جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندەکانی دۆڵی ئالانە...................(٩)

تەوەری دووەم

لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی گوندی دارەبەن...............................................(١٥)

تەوەری سێیەم

ڕەوشی سیاسی و نەتەوایەتی دۆڵی ئالانە ...................................................(٢٦)

ئەنجام ...........................................................................................(٣٢)

لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان..............................................................(٣٣)

**پێشەکی:**

وەک دەزانین کوردستان خاوەنی چەندین گوند و دێهاتە لە ئێستا و ڕابردوودا، بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار و کات گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، لە هەموو ڕویێکەوە بە پێی گۆڕانکاری سەردەمە جیاوازەکان. ناوچەی دۆڵی ئالانە یەکێک بووە لەو ناوچانەی کە جێگەی لەسەر شانۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان دیاربووە چ لە ڕێگای بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵکەکەی بووبێت، لە گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکان، یاخود کاریگەری سروشتی ناوچەکە بووبێت، بەسەر بارودۆخی کاردستان. خەڵکی ماندوونەناسی دۆڵی ئالانە جێپەنجەیان لە سەر مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردستاندا دیار و بەرچاو بووە، هەروەها لە بوواری ئابووری و کۆمەڵایەتییدا هەمان کاریگەرییان هەبووە.

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوچەی دۆڵی ئالانە، زێدی باب و باپیران و خانەوادەکەمە، واتە باپیرەم خەڵکی ئەو ناوچەیە و زۆرجار باسی ژیانی سادە و ساکاری ناوچەکەیان بۆ دەکردین، سەرنجی ڕادەکێشام و خۆشەویستیم بۆ ئەو ناوچەیە دروست دەبوو، لەبەر ئەوە ویستم توێژینەوەیەک لەسەر ئەم ناوچەیە بکەم و زیاتر زانیاری لەبارەوە بزانم ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر هیچ توێژینەوەیەکی لەسەر نەکرابوو، ئەمەش بۆ ئەوانەی کە شارەزای ناوچەکە نین، دەبێتە دەستپێکێک بۆ ناساندنی.

گرنگی ئەم بابەتە :

دۆڵی ئالانە یەکێکە لە ناوچە دیار و ناسراوەکانی باشووری کوردستان، کە ڕۆڵێکی دیاری لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ناوچەکەدا گێڕاوە، هەروەها خاوەن خەڵکانی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیری لێهاتوو بوو، کە ماوەیەکی زۆر لەو ناوچە لە خزمەتی بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستاندا بوونە. ڕۆدانیشتووانی ناوچەکە، لە پێشەنگی ئەو کەسایەتییانە بوون کە توانیان بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان جێپەنجەیەک لە کوردستاندا بکەنەوە .

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پێک هاتووە لە چوار تەوەرە،کە لە تەوەرەی یەکەم باس لە ناوی دۆڵی ئاڵانە ئەکەین کە چەندین بۆچونی جیاواز هەیە سەبارەت بەناوی شوێنەکە وە لە ڕووی

جوگرافیاوە کەوتۆتە شوێنکی ستراتیژی گرینگەوە،لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکە باس لە لایەنی ئابووری دۆڵی ئالآنە ئەکەین کە دانیشتوانی ناوچەکە بەچی بژێوی ژیانیان دابین ئەکەن،وە لە تەوەری سێیەمدا باس لە لایەنی سیاسی دۆڵی ئالآنە ئەکەین،کە لە زۆربەی کاتدا شوێنی ململانێ ناوەخۆی و دەرەکیان و شۆڕش و بزاڤی نەتەوەی بووە،لە تەوەری چوارەم باسمان لە لایەنی ڕۆشەنبیری و کۆمەلایەتی کردووە،لە دەرئەنجامیشدا بە چەند خالێک توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو،لە لیستی سەرچاوەکانیشدا هەموو ئەو سەرچاوەمان خستۆتە ڕوو کە بۆ توێژینەوەکەمان بەکارمان هێناوە،بێگومان هەر توێژینەوەیەکی زانستی کۆسپی دێتە پێش،گرینگترین گرفتەکان لە توێژینەوەکان نەبوونی سەرچاوەی کتێب بوو بۆیە هەوڵمانداوە لەڕێگای چاوپێکەوتن زانیاری کۆبکەینەوە.

بۆ ئامادەکردنی ئەو توێژینەوەیە پشتمان بە چەند سەرچاوەیک بەستووە لەوانە سەرچاوەی کتێبی(عبدلله غفور،فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر) کە تێیدا باس لە گوندەکانی باشووری کوردستان ئەکات،

بەلام سەرچاوەی سەرەکی ئێمە چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتی ناوچە و گوندەکانی دۆڵی ئالآنە وەک(ڕشاد احمد،معین پاشا،مجید تقیدین، لەگەڵ نجمدین حسێن و)

بێگومان هیچ توێژینەوەیەک بێ هەلە و کەموکوڕی نیە،بێگومان توێژینەوەی ئێمەش بێ کەموکوڕی نیە،هیوادارین بە سەرنجی زانستیانە دەوڵەمەند بکرێن.

## تەوەری یەکەم

# ناو و جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی دۆڵی ئالانە

### ١. ناو و جوگرافیای دۆڵی ئالانە:

دۆڵی ئالانە کە دەکەوێتە قەزای خەلیفان ، لە پارێزگای هەولێر،شوێنێکی ستراتیژی گرینگی هەیە لەڕووی ئابووری و سیاسی گەشتیاریشەوە بۆیە ئەو ناوچەیە گرینگی تایبەتی هەیە. سەبارەت بەناوی (دۆڵی ئالانە)، بیروڕای جیاواز هەیە، وە هیچ سەرچاوەیەک نیە ڕاستەوخۆ ئەو ڕاستیە دەربخات کە ئایە ناوی دۆڵەکە لەچیەوە هاتووە، بەڵام بێگومان بە پێی ئەوەی ژمارەیەک کەسی و ڕۆشەنبیر کەسی بەتەمەن و خاوەن زانیاری ، لەو شوێنەن،سەبارەت بەناوی دۆلی ئالانە چەند شتێک خراوەتە ڕوو بۆ نموونە لە بۆچونی یەکەم : ناوی دۆڵی ئالانە ، لەوەوە هاتووە ،کە هەر لەکۆنەوە بەهۆی ئەوەی شوێنێکی شاخاوی و سەخت و دژوار و بەرز بووە، شەڕی زۆر لەو ناوچەیە ڕوویداوە و خەڵک بۆ خۆ حەشاردان لەو شوێنە سەختە بەهۆی ئەوەی دوور بوو لە پەلامار و هێرشکردن هەر تیرە و هۆزێک هەوڵی داوە ئەو ناوچەیە بەدەست بێنێت و بەهۆی ئەوەی ئەو هۆز و تیرەی ناوچەکە هەریەکێکیان ئالای تایبەت بەخۆیان هەبووە، کە جیا بووە لەوانەی تر بۆیەش ناوی لێنراوە ئالانە، واتە زۆری دەسەلاتی جیا لەو ناوچەیە بووە هۆی جیاکەرەوەی حوکمرانی هەر ناوچەیەک لەناوچەیەکی ترەوە[١].

بۆچونی دووەم،سەبارەت بە ناوی دۆڵی ئالانە:ناوی دۆڵی ئالانە،لە ناوی گوندێکی ناوچەکە هاتووە، کە بۆتە سەنتەری دۆڵەکە، ناوی گوندەکەش ئالانە بووە بەلام بە تێپەڕبونی کات، بەهۆی ئەوەی ناوچەکە،وەک زنجیرەیەک،بەیەکەوە بەستراو بوو بەرە بەرە ناوەکە بەسەر هەموو ناوچەکە براوە و بووە بە دۆڵی ئالانە،وەک جیاکەرەیەوەک لە ناوچەکانی دەوور و پشتی بەکارهاتووە نموونەی لەم شێوەیەش زۆرە وەک دۆڵی مەلەکان،دۆڵی بالیسان،دۆڵی سماقولی، دۆڵی ئاکۆیان ،دۆڵی سمیلان ...هتد لێکچونێکی

---

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی (معین پاشا صدیق) لەڕێکەوتی،٢٠٢٣\١٠\١٤ لەگوندی ئالانە، لە ساڵی ١٩٧١ لەدایک بووە،لەگوندی ئالانە،پێشمەرگە.

تەواویش هەبووە لەنێوان ئەو گوندانە، هەرچەندە هەریەکیان ناوی تایبەتی هەبووە،کە لەخوارەوە هەوڵ ئەدەین بە وردی باسی هەر یەکیان بکەین[٢]

بۆچونی سێیەم: ناوی دۆڵی ئالانە، لە ناوی کەسایەتێکی بەناوبانگ هاتووە ،هەر لەم بۆچونە دوو ڕای جیاواز هەیە،ئەوترێت کە ئەو کەسایەتیە ،کە ناوی ئالان بووە، لە بنەماڵەی میرنشینی بابان بووە کە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم حوکمرانیان کردووە ، یان ئەوترێت ئەو کەسایەتیە یەکێک بووە ،لە بنەماڵەکانی کوردستانی ئێران،بەلام بەتەواوی دیارنیە کە ئایە سەر بە چ بنەماڵەیەک و هۆزێک بووە [٣].

بۆچونی چوارەم: ئەوترێت دۆڵی ئالانە ،لە وشەی (ئالان) بەواتای ئالاندن،پێچاندن،تێوە پێچان،ئالۆز،لێک پێچراو دێت، بەحوکمی ئەوەی ناوچەیەکی سەخت و شاخاوی بووە، بۆیە ئەو ناوەیان لێ ناوە[٤]. بۆچونی پێنجەم:ناوی دۆڵی ئالانە لەوە هاتووە،کە قەومێکی لێبووە،بە ناوی ئالۆن،بۆیە لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، دۆڵی ئالانە ناوەکەی لەو قەومەوە هاتووە، کە ناوی ئالۆن بووە کە ئێستا بوونیان نەماوە. بەلام ڕای پەسند و زۆرینەی بۆچونەکان ئەوە دەرئەخەن کە ناوی دۆڵی ئالانە،لە وشەی(ئالا)، هاتووە بەهۆی ئەوەی هەر لەکۆنەوە ،دەسەلاتی جۆراوجۆری لێبووە [٥].

لە ڕووی سنووری جوگرافیەوە:دۆڵی ئالانە دەکەوێتە قەزای خەلیفان، سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ،کەدەکەوێتە پارێزگای هەولێر، پێنج کیلۆمەتر لە قەزای خەلیفانەوە دوورە، ناوچەیەکی گەشتیاری سنوری پارێزگای هەولێرە، کە١٥گوند بونی هەیە لەو ناوچەیە، وە لە گوندی جۆلەمێرگ دەست پێ دەکات تاکوو گوندی ئەشکەفتە درێژ بۆتەوە ، هاوسنوورە لەگەڵ (دۆڵی بالیسان،نەحیەی بالیسان)بەوە ناسراوە وە

---

([٢]) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەشاد احمد) لە قەزای خەلیفان لەڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٢٤ لەدایکبووی ١٩٨٣،لە خەلیفان، بەرپرسی حیزب.

([٣]) چاوپێکەوتن لەگەڵ،(مەلا مستەفا کریم)لە گوندی زیلەکان ،لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣\١٠\١٢لەدایکبووە،١٩٦١لە خەلیفان،مامۆستای ئاینی.

([٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەنوەر حەسەن)لەڕێکەوتی ٢٠٢٣\١٠\١٢ لە گوندی بناویە،لەدایکبووی، ١٩٦٩ پێشمەرگە.

([٥]) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەیوب اسعد) لە گوندی زیلەکان لە ڕێکەوتی،٢٠٢٣\١٠\١٢ لەدایکبووی ،١٩٧٩لە بناویە ،کاسب

هاوسنووره لەگەڵ دۆڵی مەلەکان لە ڕۆژهەلاتەوە ، لە ٩گوند پێک هاتووە لە( بلەی خوار) دەست پێ ئەکات و لە گوندی (سەروچاوەی بارا)کۆتای پێدێت[٦]

دۆڵی ئالانە شوێنێکە سەوزایی و داروباری یەکجار زۆرە و لەناوەڕاستی دۆڵی ئالانە ڕووباری پێدا تێپەڕ ئەبێت، کە سەرچاوەی ئەو ڕووبارەش لە کانیاویی گوندەکانەوەیە ئەوەش زیاتروایکردووە شوێنێکی ستراتیژی و گرینگ بێت بۆ خەلکی ناوچەکە بەتایبەت،وە ببێتە هۆکارێک بۆ بونی ئەو هەموو چەم و دارە جۆر بەجۆرە کە پیشەی کشتوکالی زۆر ئاسانتر کردووە بۆ خەلکی ناوچەکە وە وە دۆڵی ئالانە،شوێنی گەشتیاری و سەیرانگای زۆری لێیە خاوەن نزیکەی ٣٠ شوێنی گەشتیاریە زیاتر بە گەشتیارکانی و چەمەکانی ناسراوە، ڕووباری دۆڵی ئالانەش زیاتر ناوچەکەی دڵ گیر و خۆشتر کردووە،وایکردووە خەلکێکی زۆر لەناوچەی جیا جیا ڕوو لەم شوێنە بکەن و بەردەوام ئەو ناوچەیە ئاوەدان بێت. دۆڵی ئالانە دەکەوێتە نێوان کۆمەلێک چیای بەرز و سەخت ،کە لە ڕۆژهەلاتی دۆلەکەوە چیای کۆڕەکە کە بەرزەکەی نزیکەی ٢٨٨٣ مەتر،وە چیای ئیرۆنیش لەخۆ دەگرێت بەدرێژایی ڕۆژهەلاتی دۆلەکەوە درێژ بۆتەوە لە ڕۆژئاوی دۆڵی ئالانەش بانی هەریر لەخۆ دەگرێت،کە بەرزیەکەی دەگاتە نزیکەی ١٨٥٠م، شاینی باسە ناوچەکە بەرز و نزمی زۆری تێدایە بەشێوەیەکی زنجیرەیەیی بەیەکەوە بەستراو وایە، جگە لە شاخی بەرز لەوناوچەیە گرد، بان، دەشتی بچوک،و دۆڵی بچوک، بوونی هەیە و خاکێکی بەپیتە بۆ کشتوکال کردن،بەجۆرێک زۆربەی بەروبوومەکانی کشتوکالی و زۆرەها میوەی لێ ئەڕوێت، شایەنی باسە ناوچەکە گرینگی زۆری هەیە،کە بۆبەخێوکردنی ئاژەلیش سودی لێ ئەبینێرێت[٧].

دۆڵی ئالانە لە ڕابردوودا جێگای ململانێ سەختەکان بووە ،لە ڕووی سیاسی و سەربازی و فکری و بۆچونەکان لەسەر هەردووک ئاستی ناوەخۆیی و حیزبەکان و دەرەوە بۆیە لەهەموو کاتێک و زروفێکەوە تەرکیزی زۆری خراوەتەسەر، فشار و پالەپەستۆی سیاسی و ئەمنی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لەسەر بووە.لەسەر ئاستی عێراق لەڕابردوو سنوورەکان ڕووبەروی زۆرترین نەهامەتی بونەتەوە

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ ،(سەربەست احمد)لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣\٩\١٨لە گوندی شەڕکان، لەدایکبوو،١٩٩١لە خەلیفان، پۆلیسە.

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ، (مجید تقیدین)لە گوندی ئالانە ٢٠٢٣\١٠\٢٧ لەدایکبووی ١٩٧١،مامۆستایە

وەک(ئەنفال،کیمیاباران،ڕاگواستن)لەسەر ئاستی گواستنەوەی خەباتی شاخ بۆ شار پاش ڕاپەرین و ئازادکردنی کوردستان، سنوورەکە لەسەر ئاستی کوردستان هەمان باردۆخی چری ململانێی سیاسی و سەربازی گرتۆتە خۆ، بە جۆرێک کەزۆر قەوارەی سیاسی هەبوون و بەرچاو کەوتوون ئەیانویست چالاک بن.دۆڵی ئالانە پێکهاتووە لە چەند گوندێک وەک:١_جۆلەمێرگ ٢_شەڕکان٣_کانیە ڕەش٤_ڕوماوێژ ٥_ئالانە ٦_بناویە ٧_زیلەکان٨_گورگار ٩_خەندۆر ١٠_شارسینە ١١_تاراوە ١٢_توتمەرە١٣_هەروتەکەون١٤_سارتکە١٥شکەفتە [٨]. لە خوارەوە باسێک لە گوندەکان دەکەین:

١. گوندی جۆلەمێرگ: گوندێکە لە قەزای خەلیفان پارێزگای هەولێر، هێلی درێژی :٤٤٠٤١٣٧هێلی پانی:٣٦٠٥٨٧٨ ، شوێنگەی جوگرافی :دۆڵی ئالانە،بە پێی سەرژمێری ساڵی٢٠٠٩ ژمارەی دانیشتوانی ١٧٥کەسە نەتەوە: کورد،ئاین:ئیسلام،عەشیرەت:سورچی، کشتوکال: گەنم و جۆ،ئاژەلداری :مەڕ،بزن،ڕەشەولاغ، باغداری : داری بەبەر و داری بێ بەر،درێژی نێوان گوند و جادەی سەرەکی بە کیلۆمەتر:٢.٨،خزمەتگوزاری :قوتابخانەی بنەڕەتی،ئاوی خواردنەوە:کانی ، پرۆژەی ئاو،ڕۆشنایی:کارەبای نشتیمانی[٩]

٢. گوندی بناویە: بناویە گوندێکە کە تەمەنی نزیکەی پێنج هەزار(٥٠٠٠)ساڵە بەگوێرەی دۆزراوە بزماریەکان(مێخی)، بناویە یەکێک لە کۆنترین گوندەکان ،گوندی بناوی سەر بە قەزای خەلیفان نشینی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە ، یەکێکە لە گەورەترین گوندەکانی سنوری خۆی لە ڕووی دانیشتوانەوە وە گەورەترین گوندی سنورەکەیە لە ڕووی جوگرافیا و ڕووبەرەوە ، کە ڕووبەرێکی زۆر فراوانی هەیە و کە ئەمەش جیاوازە لە سەرجەم گوندەکانی تری خەلیفان و ئیدارەی سۆران[١٠].

گوندی بناوی خاوەن مێژوویەکی پڕ لەسەروەری و تاڵە لە ئێستا و لە کۆندا کە بۆ دەیان جار ڕووبەڕووی و وێران کاری و سوتان بۆتەوە بە درێژایی مێژوو کە چەند جارێک

---

(٨) بەرنامەی دیدەنی، لە گوندی بناویە،کەنالی فاملی تیڤی، ئامادەکردن و پێشکەشکردن ،محمد خدر ابراهیم،لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢\٤\٤پەخشکراوە .

(٩) د.عبدلله غفور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر،چ٢، هەولێر،چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٥،ل ١٥٧_١٥٨.

(١٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر عزیز حمد لەگوندی بناویە،٢٠٢٣/٥/١٩ لە ساڵی ١٩٧٨ لە دایک بووە، لەگوندی بناویە، پێشمەرگەیە.

گوندەکە وێران کراوە و لەگەڵ زەوی تەخت کراوە بەڵام خۆشبەختانە جارێکی تر لەهەمان شوێن یان لە شوێنی نزیک لە شوێنی پێشووتر بنیاتنراوەتەوە و ئاوەدان کراوەتەوە ، کە پێش هەزاران ساڵ ڕوی و داوە و شوێن و شوێنەوار و بەڵگەی دروست ماون ، وەکوو (جاوین) و سەروچاوەی (نارتە) و (کۆراف) و (گردکۆک) و (قەلات بیوکە) و (کانی دڕەیڵ) کە پێشتر بەشێکی گوندەکە لەم شوێنە ژیاون و ئاوەدان بوە و وەکوو ئێستا ، کە شوێنەواری گۆڕستان و وە نوسینی بزماریشی لێ دۆزراوەتەوە ، وە پێی هەندێک بەڵگە و سەرچاوە پێی دەچێت کە مرۆڤی نیاندرتاڵ لەم گوندە ژیاون و بەشێکی ئەشکەوتەکانی ئەم گوندەیان بەکار هێناوە بۆژیان (هاوشێوەی ئەشکەوتی شانەدەر کە شوێنی سەرەتاترین مرۆڤی سەر زەویە بەپێی بەڵگە شوێنەواریەکان ) ، وەکوو ئەشکەوتی (کونە نین . کە (نین) بە مانای سەیدە یان پاشا و خواوەند دێت لە زمانی سۆمەری و ئەکەدی )وە (ئەشکەوتی ڕەشمالان) و (ئەشکەوتی هێلین) و (ئەشکەوتی گەرەخوار) و کە بەشێکیان قوڵی و درێژی و پانیان زیاتر لە (١٠٠مەترە) چەندین ئەشکەوتی تر کە هەموویان نزیک سەرچاوەی ئاون و وە پاشماوەی ژیان و ئیسک و پروسکی مرۆڤ و ئاژەڵ و وە لە هەمووی گرینگتر نوسینی بزماری(مێخی) لێ دۆزراوەتەوە بەڵام بەداخەوە دزراون وبەتالان براون و ئەم سەرچاوە مێژوویە گرینگەیان بە هەدەر داوە. وە زیاتر لە سێجار نوسینی بزماری لێ دۆزراوتەوە و بزرکراوە بەهەر هۆکارێک بێت کە جارێکیان لە شەڕی ناوخۆ بەگوێرەی گێڕاوەکان پێشمەرگەیەک لە چیای سەرەزێ نزیک لە گوند پارچە بەردێکی دۆزیوەتەوە کەنوسینی بزماری لەسەر بووە و دوارتر ون دەبێت و بێ سەروشوێن بوە نوسینەکە بەداخەوە،دووجاری تریش کەڵ و پەڵی ماڵ و خواردن کە لە سفر و زەردە و زێڕ دروست کراون و نوسینی بزماری لەسەربووە و لەناو گۆڕی ئەو مردوانە دەرهێنراون کە لە گۆڕستانە کۆنەکانی گوندەکە پاشماوەیان ماوە کە پێدەچێت گۆڕی جولەکە و یەهودی و مەسیحی بن چونکە بە گوێرەی هەموو بەڵگە و سەرچاوەکان گوندی بناوی پێش هاتنی ئاینی ئیسلام دانیشتوانەکانی مەسیحی و جولەکە بونە و پەیڕەوی ئاینی ئەوکات بوونە،پەیڕەوانی ئەم ئاینەش زۆربەی جار کەلوپەلە گران بەهاکانیان لەگەڵ مردوەکان ناشتوە ، وە زۆربەی جار بۆخۆشی خەلکی بیانی بە خەڵکی بناوی دەڵێن( بن جوو ) واتا نەوەی جوەکان ، وەهەروەها تاکوو پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسڕائیل بەشێک لەجوەکان لە گوندی بناوی ژیاون و دواتر کۆچیان کرد بۆ ئیسڕایل ، وە لە دوای ساڵی ١٩٧٠

هەندێکیان بۆسەردان و وەکوو هاسۆزی بۆ گوندەکە سەردانی بناویە دەکەنەوە و خەلکی گوندیش میوانداریان دەکەن و دواتر دەگەڕێنەوە[11]

---

([11]) چاوپێکەوتن لەگەڵ،هیمداد فەیسەل،٢٠٢٣\١/٥،لەساڵی١٩٩٦ لەدایک بووە،لەگوندی بناویە،شوێنەوارناس

## تەوەری دووەم.

# لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی دۆڵی ئالانە

## باسی یەکەم. لایەنی ئابووری:

خەڵکی دۆڵی ئالانە لەڕووی ئابووریەوە هەر لە کۆنەوە پشتیان بە کشتوکاڵکردن بەستووە، بێگومان پیشەیەکی گرینگی خەڵکی دۆڵی ئالانە بووە،وە جگە کشتوکاڵ کردن چەند پیشەیەکی تریش هەبووە لە دۆڵی ئالانە کە گرینگی زۆری هەبووە، وەک ئاژەڵداری،بازرگانی لێرەدا هەوڵ ئەدەین یەک بەیەک باسیان بکەین

### ١. لایەنی کشتوکاڵی

کشتوکاڵ یەکێک بووە لە پیشە سەرەکییەکانی خەڵکی دۆڵی ئالانە و لەم ناوچەیە جۆرەها کشتوکاڵ دەکرا لەوانە برنج ،گەنم،نیسک،توتن.

آ. توتن: یەکێکە لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە ڕابردوودا گرنگییەکی تایبەتیان پێداوە سەرچاوەی بژێوی زۆرێک لە جووتیارانی ناوچەکە بووە،تووتن سەرەتا لە گوڵێک کە تۆ دەچینرێت دواتر دەکرێتە شەتر و زەوی بۆ دەکێڵێت و دەچینرێتەوە لە سەرەتای مانگی شەش تووتن دەست بە چالاکی دەکرێت و لە کۆتایی مانگی ئاب دەست بە لێکردنەوەی دەکرێ تووتن چەند جارێک پێویستی بە ئاودان هەیە بۆ ئەوەی گەڵاکان پێبگەن دوای ئەوەی گەڵاکانی زەردبوون دەست دەکرێت بە لێکردنەوەی بە داوێکەوە دەکرێت تا کاتی ئامادەبوونی دواتر لەبەر تیشکی ڕۆژ دادەنرێت بۆ ئەوەی وشک بێت خەڵکی ناوچەکە دوو جۆر تووتن بە کار دێنن یەک تووتنی بۆندار دووەم ڕەش کرد خەڵکی ناوچەکە سەرەتا تووتنیان بەرهەم دەهێنا بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەندروستەکان بەڵام لە ئێستادا تووتن یەکێکە لە ڕووەکە زیانبەخشەکان خەڵکی ناوچەکە زۆرێک خۆیان بە کشتوکاڵکردنی تووتن سەرقاڵ کرد و ئەمەش لەبەر ئەوەی تووتن پارەیەکی زۆری دەکرد وە بە ئاسانی تێکنەدەچوو[١٢]

٢. برنج: یەکێکە لە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان خەڵکی ناوچەکە گرنگییەکی زۆریان بە چاندنی برنج داوە ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بووە کە زەوییەکانی لەبار بوو بۆچاندنی

---

(١٢) بەرنامەی دیدەنی، لە گوندی بناویە، (حەسەن احمد)، کەناڵی فاملی تیڤی،لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٤ پەخشکراوە.

برنج وه پێویستی به ئاودانێكی زۆر هەیە لەبەر ئەوەی دۆڵی ئالانە سەرچاوەی ئاوی زۆرە بۆیە شوێنێكی لە بار بوو بۆ چاندنی برنج   هەر لەبەر ئەوەش كە خەڵكی ناوچەكە پشتیان بە هیچ سەرچاوەیەكی دەرەكی نەبەستووە بۆیە هەموو شتێكیان لە ناوخۆ بەرهەم دێنە و برنجیش یەكێك بوو لەو  كشتوكاڵانەی كە لە ناوچەكەدا بەرهەم دەهێندرا خواردنێكی سەرەكی دانیشتووانی ناوچەكە بوو سەرەتا زەوییەكیان بۆ برنج ئامادە دەكرد و دوای كاركردن لەو زەوییە برنجەكەیان دەچاندنزیكەی سێ مانگ لە ئاودانی لە كۆتایی مانگی ئاب برنجەكەیان دەدوری ئامادەیان دەكرد بۆ زستان و خواردن لەبەر ئەوەی نرخێكی گرانی هەبوو برنج بۆیە هەر ماڵێك لە توانایدا هەبووایە دەستی بە چاندن دەكردوە ئەگەر لە پێداویستی خۆیان زیاتر بووا دەیان نان بۆ ناوچەكانی تری كوردستان وەكوو موسل لەوێ  دەیانگۆڕیوە بە بەرهەمەكانی تری وەک شەكر و ڕوون  كە لە ناوچەكەدا بەرهەم نەدەهاتن برنجش یەكێك بۆ لەو بەرهەمانەی كە خەڵكی ناوچەكە گرنگییەكی زۆریان پێ دەدا[١٣]

٣. نیسک: یەكێكە لە بەرهەمە كشتوكاڵییەكان كە خەڵكی دۆڵی ئالانە گرنگییەكی تایبەتیان بەو بەرهەمە داوەئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە كە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و تێكناچێت بۆ زستان خواردنێكی سەرەكییەلە كۆنەوە هەر بەروەبوومێكە تێك نەچوو بە خەڵک گرنگییەكی زۆری پێ دەدائەمەش لە بەرئەوە بوو كە هیچ شوێنێكیان نەبوو بۆ ئەو بەروبوومانەی بۆ ماوەیەكی كەم خۆیان ڕادەگرت بۆش گرنگییەكی زۆر بە نیسک دراوە وەک هەر جۆرە كشتوكاڵێكی تر پێویستی بە دەستی كاری زۆر هەیە  وە پێویستی بە بڕەئاوێكی زۆریش دەبێت دەستی كار لە دۆڵی ئالانە و زۆری سەرچاوە ئاوییەكان وای لە خەڵكی ناوچەكە كردووە كە دەست بەچاندنی ئەو بەروبوومە بكەئەمە جگە لەوەی كە خواردنێكی تەندروستە و خواردنێكی زستانییەسوودێكی زۆری هەیە[١٤]

**٤.** دانەوێڵە: لەبەر ئەوەی گەنم بە بەروبوومێكی سەرەكی دادەنرێت بۆ خۆراكی مرۆڤ بۆیە پایەكی بەرزی هەیە لە ئابووری هەموو وڵاتێكدا و هەر لە چاخەكانی پێش مێژووەوە خۆراكی مرۆڤ بووە سەرەتا بە برژاوی خواردوویانە، ئینجا كردوویانەتە ئارد و هەویر و تاكوو توانیویانە نانی لێ دروستبكەن. چونكە لە ناو دەنكی گەنمی وردا جۆرێک لە گلۆتین

---

([١٣]) بەرنامەی دیدەنی ، لەگوندی بناویە،كەناڵی فاملی تیڤی، (ئەنوەر حەسەن عاجی) لە ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٤/٤ پەخشكراوە.

([١٤]) چاوپێكەوتن لەگەڵ(خالید لاوە مستەفا )،گوندی تاراوە،لەدایكبووی ساڵی ١٩٦٧،لەڕێكەوتی١٠١٩ ٢٠٢٣.

لەناو پڕۆتین دا هەیە کە شێوەیەکی لاستیکی هەیە و بە ئاسانی دەبێتە نان و سەموون، پشت بە باران دەبەستێت، وەک بەروبوومێکی زستانە دەناسرێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم وەک بەهارە دەچێنرێت بە تایبەتی لە ناوچە زۆر ساردەکان.چونکە گەنم لە کوردستان بۆ چاندن پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، بۆیە کاتی چاندنی دەوەستێتە سەر کاتی بارانبارین لە کوردستان لە ١٠/١٥ تاکو ١٢/١٥ دەچێنرێ دەشکرێ درەنگتریش بچێنرێ، بەڵام بەرهەمی کەم دەبێت گەنم لە دوای چاندن ئەوەندە پێویستی بە کاری خزمەتگوزاری نییە تەنها ئاودان و پەینکردن و لەناوبردنی مێروو و گژوگیای زیانبەخشە خەڵکی دۆڵی ئالانە و ناوچەکە گرنگییەکی تایبەتیان بە چاندنی گەنم داوە ئەمەش لە بەر ئەوەی داهاتێکی گرنگە بە ئاسانی تێکناچێت و هەڵدەگیرێت و دەکرێت بە نان وە زەوییەکانی لەبارن بۆچاندترین گەنم و ئاوهەوایەکی گونجاوی هەیە بۆیە گەنم یەکێکە لەو بەروبە کشتوکاڵیانەی کە خەڵکی دۆڵی ئالانە گرنگییەکی زۆریان پێ داوە[١٥]

ئەمە جگە لەو بەروبومانەی کە باسمان کرد خەڵکی دۆڵی ئالانە و ناوچەکە گرنگییان بە دەیان جۆری تری بەروبوم دەدا وەک نۆک ، نۆکیش یەکێک بوو لەو بەروبوومانەی کە خەڵک ناوچەکە خەریکی چاندنی بوون،،جگە لەوە گرینگی زۆریان داوە بەچاندنی بەروبوومی سەوزە و میوەوە وەکوو هەنار،هەنجیر،سێو و ترێ، خۆخ ، کەلەم،پاقلە،تور،لەگەڵ چەندین بەروبوومی تری جۆراوجۆر کەوا لەو ناوچانە پێگەیشتوون.

**٢. لایەنی ئاژەڵداری**

دۆڵی ئالانی یەکێکە لەو ناوچانەی کە گرنگییەکی زۆری بە سامانی ئاژەڵ داوە لە هەموو بوارێکدابە پێی ئەوەی کە ناوچەیەکی شاخاویە بۆیە لە ڕووی ئاژەڵدارییەوە ناوچەیەکی گونجاو بوو بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ هەر بۆیە گرنگییەکی تایبەتیان بە سامانی ئاژەڵداوە و زۆرێک لە ئاژەڵەکانی بەخێو کردووەبۆ نموونە گوێدرێژ ئەسپ بزن مەڕ مانگا

١. بزن: یەکێکە لەو ئاژەڵانەی کە گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە لە ناوچەکە بە حوکمی ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوییە بۆیە شیاو بووە بۆ بەخێوکردنی بزن ،بە کوردیبە بەچکەی تازەزاوی کار یان کارژیلە و کاتێک لە شیر دەبڕدرێتەوە گیسکو کاتێک دوو بەهار تێپەڕ دەکات توێشتیر یان چوێشتیر یان جتویرپێ دەوترێ. کاتێک کە بە تەواوی پێدەگات بە نێرەکەی دەوترێت خرت یان نێری یان سابرێن یان بزنی نێروە بە مێکەی پێی دەڵێن بزن،

---

[١٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(قادر حسێن محمد)گوندی تاراوە،لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤،لەرێکەوتی٩ ١\١٠\٢٠٢٣.

وە یەکێکە لەو ئاژەڵانەی زۆر سودی لێوەرگیراوە لەلایەن مرۆڤەوە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێ مەبەست بەخێو دەکرێت بۆ مەبەستی گۆشت بەکاردێت کە سوود لە گۆشتەکە وەردەگیرێت بۆ مەبەستی خواردن وەسوودێکی زۆر لە شیرەکەی وەردەگرن شیرەکەی بۆ زۆر مەبەست بەکار دێت شیر یەکێک بوو لەو بەرهەمانەی کە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرات لە ناوچەکەدا وە بۆ مەبەستی مووەکەش بەکاردێت وەکوو بزنی مەرجەکە شاڵی کوردی لێ دروست دەکرێت دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو ئاژەڵانەی کە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرابە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی کوردستان و بە تایبەتی لە دۆڵی ئاڵانە تەنانەت بەخێوکردنی ئێستاش گرینگی خۆی لەدەست نەداوە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکە لەوەڕگای زۆری لێیە و بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵی وەک بزن زۆر شیاوە گوندەکانی دۆڵی ئاڵانە زۆرجار بۆ مەبەستی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان ڕوو ئەکەنە ناوچەی کوێستانەکان بەتایبەت چیای کۆڕەک و بانی هەریر کە لەوەرزی سەرمادا دووبارە ڕێ ئەکەنەوە بۆ خواری ناوچە شاخاویەکان(١٦).

٢. مانگا: مانگاش بایەخی لە بزن کەمتر نییە هەروەکوو بزن گرنگییەکی تایبەتیان پێداوە و بەخێویان کردووە بۆ زۆر مەبەست،مانگا بە مێکەی دەوترێت "مانگا" یان "چێڵ" بە نێرەکەی دەوترێت "گا". ئاژەڵێکی گوانداری ماڵی کاوێژکەرن. بە کوردیبە بەچکەی تازە لە دایک بوو دەوترێت گوێلک یان گوێرەکە و کاتێک لە شیر دەبڕدرێتەوە مانگەش بایەخی لە بزن کەمتر نییە هەر لەکۆنەوە مانگا بەخێوکراوە لەو ناوچەیە خەلک بۆ بژێووی ژیانیان پشتیان بەستووە بە بەخێووکردنی ڕۆرجار بۆ مەبەستی زەوی کێڵان سود لە نێرەکەی واتە گا وەرگیراوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ئامێری زەوی کێڵان نەتوانن بیگەنێ بەهۆی لێژی و سەختی ناوچەکەوە یان ئەتوانین بلێین پێش ئەو ئامێرانەش گرینگی تایبەتی هەبوو کە مێینەکەی سوودی لێوەردەگیرا بۆ مەبەستی شیر و ماستەکەی نێرەکەشی بەتایبەت بۆ مەبەستی زەوی کێلان و زۆربەی جار بۆ مەسەلەی قوربانی کردن نێرەکە زیاتر بەرچاو ئەبوو(١٧)

٣.مەڕ: مەڕەکان ئاژەڵی مەمکدارسمدارن، سەر بە خێزانی مانگاکانن کە هەریەک لە بزن گامێش، مانگا،مەڕ) لە خۆدەگرێت، مەڕەکان تایبەتمەندن بە جەستەیەکی پڕ و پتەو بە

---

(١٦) ڕەسول هەڵگورد محمد،گوندە ڕۆژ،چاپی یەکەم،چاپخانەی احمدی خانی،ساڵی چاپ٢٠١٩،ل١٢،٢٧

(١٧) بەرنامەی میوانی ناوەخت، کەناڵی ڕەنگ تیڤی،(جمال احمد زێنەدین) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢

بەراورد بە ئەندامەکانی دیکەی خێزانی مانگاکان، و لە بنەڕاتدا لە سروشتدا هەبوون، بەڵام مرۆڤەکان لە ١٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستاوە سەرکەوتوو بوون لە ماڵی کردنیان، سەرەتاش لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاوە دەستیپێکردووە، سوودی زۆریان هەیە وەک سوود وەرگرتن لە گۆشتو شیرو فەرووەکەی (خوری)، خوری مەڕەکان بۆ جلوبەرگ دروستکردن زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە و هەتا ئێستاش زۆر بەنرخە، تەنها لە وەرزی بەهار خوری مەڕەکان دەبڕدرێت، لە زمانی کوردیدا بە مێینە دەوترێت مەڕ و بە نێرینەش دەوترێت بەران، لە ڕابردوودا خەڵکی بۆ سوود وەرگرتن لە گۆشت و خوری مەڕەکان، لە ناوچە زۆر دوورەکانی شارەکان ماڵییان دەکردن، چونکە مەڕەکان ژیانی بە کۆمەڵیان بەلاوە پەسەندە، هەروەها لەوێ دەبران بۆ لەوەڕگا و ناوچەی پڕ لە ڕووەک و گژ و گیا، بەمەش گۆشتەکەیان زۆرتر دەبوو، وە لە ئەنجامدا ئەو مەڕانەی گۆشتەکەیان زیاتر بێت خوورییەکەشی بەنرختر و بەهێزترە، جووتیار یاخود بازرگانەکان مەڕەکانیان دەبرد بۆ ناوچە کەم ئاوەکانیش چونکە توانای بەرگەگرتنی کەم ئاوی هەیە [١٨].

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە دەستمان کەوتوون مەڕ گرنگییەکی زۆری پێ نادرا ئەمەش لە بەر چەند هۆکارێک بووە، ناوچەی دۆڵی ئالانە ناوچەیەکی شاخاوی بووە مەڕیش توانای زۆر ڕۆیشتنی نییە بۆیە کەمتر گرنگیان بە مەردەدا، مەڕ بە پێی ئەوەی ئاژەڵێکی تەمبەڵە وە ئەگەر زۆر جووڵە بکات لاواز دەبێ ،بەڵام ناتوانین بڵێین سوودیان لەو ئاژەڵە وەرنەگرتووە چونکە ئەم ئاژەڵەش گرنگییەکی تایبەتی هەبووەئەم ئاژەڵە سوودیان لە گۆشت و شیرەکەی وەرگرتووە بەڵام زیاتر سوودیان لە خورییەکەی وەرگرتووە بۆ مەبەستی خۆگەرمکردنەوەبە پێی ئەو زانیارییانەی کە دەستمان کەوتووە دەتوانین بڵێین زۆر سوودیان لە بەخێوکردنی مەڕ وەرنەگرتووە وە خەڵکی ناوچەکە زۆر گرنگییان پێنەداوە[١٩].

٤. ئەسپ: لە زمانی کوردی بە ئەسپی مێ دەڵێن مایین و بە نێرەکەی دەڵێن بارگیر. بە بەچکەکەی دەوترێت جووانو،دووجۆری ئەسپ هەیە: ئەسپی خەب و ئەسپەکانی دوژمن. ئەسپەکە لە یەک کاتدا قاچی پێشەوەی دەجوڵێنێت لە لاشەی خۆی و قاچی دواوەش لە

---

[١٨] ڕەسول هەڵگورد محمد،گوندە ڕۆژ، چ١، چاپخانەی احمدی خانی، دهۆک، ٢٠١٩، ل٢٥١

[١٩] بەرنامەی میوانی ناوەخت، لەگوندی ڕوماوێژ،کەناڵی ڕەنگ تیڤی،(جمال احمد زێنەدین) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢

یەک کاتدا. ئەسپی دوژمن، خەبی، قاچەکانی لەسەر یەک لای جەستەیی دەجوڵێتەوە. نزیکەی ٨٠٪ ئەسپەکان لە ئەمریکا ئەسپی دوژمنن و لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروووپاش ئەسپەکان پێشبڕکێ دەکەن - تەنیا ئەم دوو جۆرە ئەسپە بە دەگمەن پێشبڕکێ دەکەن چونکە ئەسپەکانی دوژمن لە ئەسپەکان خێراترن ئەسپەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە هەموو شتێکدا چ لە شەڕ و چ لە هەوڵ و کۆششی ئاشتیانەی وەک گواستنەوە و بازرگانی و کشتوکاڵدا،لە کۆنەوە ئەسپ ئاژەڵێک بووە کە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرا بۆ مەبەستی گواستنەوە و گەیاندن،خەڵکی دۆڵی ئەڵانە بە ئەسپ کاروانە بازرگانییەکانی خۆیان دەگواستنەوە بۆموسل ئەمەش بەلگیە کە خەلکی ناوچەکە گرینگی تایبەتیان پێداوە[٢٠]

٥. گوێدرێژ: گیانلەبەرێکی دەستەمۆکراوەسەر بە خێزانی ئەسپ. نزیک ٥٠٠٠ ساڵە کە کەر لەلایەن مرۆڤەوە بۆ کارکردن بەکار دەهێندرێت. زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەر لە جیهان هەن، کە زۆربەیان کەوتوونەتە وڵاتە دواکەوتوەکان و بەزۆری وەک باربەر بەکاردەهێنرێن،بە کەری نێر دەگوترێت نێرەکەر، و بە کەری مێش دەگوترێت ماکەر. بە بێچووی کەریش دەگوترێت جاش،گوێدرێژ یەکێکە لەو ئاژەڵانەی کە سوودێکی زۆری هەبووە لە کاتی خۆیدا بەڵام ئێستا هیچ گرنگییەکی پێ نادرێت لە کاتی خۆیدا سوودی زۆری بۆ خەڵکی ناوچەکە هەبووە بۆ زۆر مەبەست بەکاریان هێناوە بۆ مەبەستی گواستنەوە و گەیاندن بەکاریان هێناوە وە هەروەها بۆ زەوی کێڵان سوودیان لە گوێدرێژ وەرگرتووەیە، بەروبومانەی کە دەیانچاندن بە سوودوەرگرتن لە هێز و بازووی گوێدرێژ دەیانکێڵان و بەروبومەکانیان دەچاند [٢١].

### ٣. لایەنی بازرگانی:

خەڵکی دۆڵی ئاڵانە پێویستیان بە بەروبومێکی دەرەکی نەبوو، زۆربەی شتەکانیان لە ناوخۆیان بەرهەم دەهێنا،ئەو شتانەی کە بەرهەمیان دەهێنا هەڵیاندەگرت بۆ زستان و زستانیش بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین دەکرد،بەڵام بە پێی تێپەڕبوونی کات پێویستیان بە

---

(٢٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ،(مەلا مستەفا کریم)لە گوندی زیلەکان،لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣\١٠\١٢لەدایکبووە،١٩٦١لە خەلیفان،مامۆستای ئاینی.

(٢١) بەرنامەی میوانی ناوەخت، گوندی ڕوماوێژ، کەناڵی ڕەنگ تیڤی (عەزیز حەسەن برایم) لە ڕێکەوتی،٢٠٢٢/١٠/٢

بەروبومی زیاتر بووە،بۆیە ئەو بەروبومانەی کە بەرهەمیان دەهێنا ئەیانگۆڕیەوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لە ناوخۆیان نەبوو،ئەو بەرهەمانەی کە بەرهەمیان دێنا بە کاروانە بازرگانییەکانیان کە بریتی بوون لە وڵاخ ئەسپ دەیانگوازتنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێویستیان بەو بەرهەمانە هەیە،لەوێوە بەروبوومەکانی خۆیان دەفرۆشت و ئەو بەروبوومانەی کە پێویستیان پێ هەبوو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆیان دەیانهێناوە بۆئەو ناوچەیە،بێگومان ئەو بەروبوومانەی کە بەرهەمیان دێنا زۆر بوون لەوانە:برنج،نۆک،نیسک تووتن،وە پشتیان بە بەرومە سپیایەکان دەبەست بۆیە مەڕ و بزن و چێڵیان بە مەبەستی بەربومی سپیایی ڕاگرتووە هەروەها بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتووە گوایە خەلکی ئەو ناوچەیە بازرگانی کردووە لەگەڵ خەڵکی موسل و هەولێر ئەو بەروبوومانەی کە کەم بووە وەک و ڕوون و بابەتی دیکە ئەلوگۆڕیان کردوە[٢٢].

## باسی دووەم. لایەنی کۆمەڵایەتی:

دۆڵی ئالانە کە دەکەوێتە ناوچەی کوردستانی عێراق، شوێنی دانیشتوانێکی هەمەچەشنی کوردە کە لە مێژوودا لە نزیکی یەکترەوە ژیاون و لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە کارلێکیان کردووە .پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی دۆڵی ئالانە لە نێو کوردا کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەر، لەوانە پەیوەندی مێژوویی، پراکتیزە کولتوورییەکان، چالاکییە ئابوورییەکان و دینامیکی سیاسی، بە گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دۆڵی ئالانە لە نێو کورددا بە تێکەڵەیەک لە پەیوەندیی خێڵەکی، هاوکاری ئابووری، پراکتیزەی ئایینی، دینامیکی سیاسی و نەریتی کولتووری تایبەتمەند بووە .ئەم کارلێکانە یارمەتیدەر بوون بۆ داڕشتنی پەیکەری کۆمەڵایەتی دۆڵەکە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کورد، بەشدارییان کردووە لە تابلۆیەکی دەوڵەمەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەزموونە هاوبەشەکان،لێرەدا چەند لایەنێکی سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دۆڵی ئالانە لە نێو کورددا دەخەینەڕوو:

---

[٢٢]) پەیوەندی تەلەفۆنی، گوندی ڕوماوێژ (بارزان محمد براهیم) لە ڕێکەوتی١٠/١٢/٢٠٢٣

### ١. هاوسەرگیری:

سەبارەت بەهاوسەرگیری لە دۆڵی ئالانە بە شێوەیەکی نەریتی لەلایەن بنەماڵەی بووک و زاوا ڕێکدەخرا .زۆرجار هاوسەرگیری وەک ڕێگەیەک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خێزان و هۆزەکان سەیر دەکرا و بە گرنگ دادەنرا بۆ پاراستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری لەناو کۆمەڵگادا[٢٣]

لە ڕابردوودا زۆرجار هاوسەرگیری لە نێوان خزم و کەسە نزیکەکان، وەک ئامۆزاکاندا ڕێکدەخرا، بۆ ئەوەی سامان و شەرەفی خێزان بپارێزێت، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکارییەک بەرەو هاوسەرگیری زیاتر لەسەر بنەمای خۆشەویستی ڕوویداوە و ئێستا تاکەکان زیاتر قسەیان لەسەر ئەوە. هەیە کە هاوسەرگیری لەگەڵ کێ دەکەن. فرەژنی لە ناو بەشێک لە عەشیرەتە کوردەکانی دۆڵی ئالانەش ئەنجام دەدرا و پیاوان ڕێگەیا پێدەدرا چەندین ژنیان هەبێت .ئەم پراکتیزەیە وەک ڕێگەیەک بۆ زیادکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و سامانی خێزان و هەروەها دڵنیابوون لە بەردەوامیی هێڵی خێزان سەیر دەکرا[٢٤]

بێگومان هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە پێشتر هاوسەرگیری لەم ناوچەیە زۆرە ملێ بووە،کاتێک ویستویانە کچێک بەشوو بدەن بەزۆر بە شویان داوە،داویانە بە کەسێک کە لای پەسند نەبووە وە تارۆژی هاوسەرگیری کچەکە هاوسەری خۆی نەبینیوە بەلام لەهەندێک شوێنیش کچ تارادێک ئازادیان هەبووە،واتا ئارەزومەندانە بووە،لە دۆلی ئالانە ئەگەر بن پشک ،بەواتای کەسێک گەر خووشکی نەبوایە ئەوا نەیەتوانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەیت یان دەبوایە پارەت دابوایە یان بەپێدانی زەوی، ئەگەر دەسەلاتی هیچ کام لەمانەت نەبوایە ئەوا تۆی هاولاتی ئەم ناوچەیە ناتوانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەیت، بۆیە ئەگەر مالێک کوری زۆری هەبوایە و خوشکی نەبوایە نەیان ئەتوانی ژیانی هاوسەرگیری دروست بکەن) بە گشتی هاوسەرگیری لە دۆلی ئالانە بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە و گۆڕانکاری لە

---

[٢٣]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شەرکانی لە گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٩.

[٢٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد ڕوماوێژی لە گوندی ڕوماوێژ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢٠.

بەهاکانی .کۆمەڵگادا کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هاوسەرگیری هەبووە[٢٥]

## ٢. شێوازی جلوبەرگ:

دۆڵی ئالانە کە بە نەریتە کولتوورییە ناوازەکانی ناسراوە، لەوانەش شێوازی جلوبەرگی نەریتی. لێرەدا .باسێک لەسەر شێوازی پۆشینی جلوبەرگ لە دۆڵی ئالانە لای کورد دەکەین. بێگومان لە هەموو ناوچەکانی دۆڵی ئالانە بەهۆی نەبونی جلووبەرگ هەمووی یەک شێواز بووە هەم بۆ ئافرەتان هەم بۆ پیاوان ئەویش جلی کوردی بووە،پیاوان ومندالان شلوارێک و قەمیسێکیان لەبەر بووە کە بۆ هەموو شوێنێک سودیان لێ دەبینی تەنانەت لە بۆنەو و ئاهەنگەکانیشان لەبەریان دەکردن بۆ ئافرەتانیش بەهەمان شێوە بووە جلی کوردیان لەبەر دەکرد کراس و کەوێ بۆیە هەموو سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە لەو کات ئەگەر جلوبەرگێک هەبوایە جلی کوردی بوو جگە لەوە هیچیتر نەبوو لەبەری بکەن:

### آ. جلوبەرگی پیاوان

جلوبەرگی نەریتی کوردی پیاوان لە دۆڵی ئالانە زۆرجار جلوبەرگێکی درێژی هاوشێوەی تونیک لەخۆدەگرێت کە پێی دەوترێت "جیلەک" یان "شالیت"، کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە پشم یان پەتۆ دروست دەکرێت و دەتوانرێت لەسەر پانتۆڵ لەبەر بکرێت[٢٦]. هەروەها پیاوان دەتوانن پانتۆڵی کیسەیی لەبەر بکەن کە پێی دەوترێت "شالوار" یان "سیڤاتا"، کە شل و شل و ئاسوودەیە بۆ لەبەرکردنی ڕۆژانە. ڕەنگە سەرپۆشی وەکو عەمامە یان ئیسکارف لەبەر بکرێت، بەتایبەتی پیاوانی بەتەمەن، وەکو ئیکسسواراتێکی تەقلیدی[٢٧]

---

[٢٥]) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد شەرکانی گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢١.

[٢٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا لاو حەسەن گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢١.

[٢٧]) هەمان سەرچاوە.

### ب. جلوبەرگی ئافرەتان

ژنانی کورد لە دۆڵی ئالانە جلی ڕەنگاو ڕەنگ لەبەر کردووە بە چەرموو و نەخشی ئاڵۆزەوە، کە زۆرجار لە قوماشی ئاوریشم یان پەتۆ دروست دەکرێن -جلی خانمان بە شێوەیەکی ئاسایی درێژ بن، قۆڵی هەیە کە دەتوانێت درێژ یان کورت بێت بەپێی ستایل و بۆنەکە. هەروەها خانمان بالاپۆش یان شاڵ لەبەر دەکەن وەک بەشێک لە جلوبەرگی تەقلیدی خۆیان، کە دەتوانرێت بە جوانی بە چەرموو یان توخمە دیکۆراتییەکان ڕازێنرێتەوە[٢٨]

### ج. جلوبەرگی منداڵان:

جلوبەرگی منداڵان لە دۆڵی ئالانە لای کورد ڕەنگدانەوەی ستایل و ڕەنگی تەقلیدی بووە، لەگەڵ .گرنگیدان بە ئاسوودەیی و پراکتیکی. ڕەنگی جلوبەرگی کوڕانی گەنج ڤێرشنی جلوبەرگی پیاوان لەبەر بکەن، وەکو تونیک و پانتۆڵ(شلوار)، لەکاتێکدا کچان جلی هاوشێوەی ئەو جلوبەرگانەیان لەبەر کردووە کە خانمانی پێگەیشتوو لەبەری دەکەن ،زۆرجار ڕەنگی گەشاوە و دیزاینی یاریزانانە دەخرێتە ناو جلوبەرگی منداڵانەوە  بۆ ئەوەی هەستی خۆشی و بێتاوانی دەربخات، بێگومان لەوکاتە منداڵانیش وەک پیاوان جلوبەرگی کوردیان لەبەر دەکرد کە بریتیبوون لە شولوار و کراس[٢٩]

### چوارەم :جلوبەرگ بۆ بۆنەکان

بۆ بۆنە و ئاهەنگە تایبەتەکان لە دۆڵی ئالانە، کورد بە جوانترین جلوبەرگی نەریتی خۆیەوە بۆ دیاریکردنی گرنگی ئەو بۆنەیە  جلوبەرگی پۆشیووە. بێگومان پیاوان تونیکی وردتریان  لەبەر کردووە لەگەڵ چەرموویەکی ئالۆز، لەگەڵ پانتۆڵی بەرگدروو و پێڵاوی پۆلێشراو[٣٠]. خانمان دەتوانن جلی نایاب هەڵبژێرن کە ڕازاندنەوەکانی وەکو زەینەب، دەنکۆڵە، یان تارێکی زێڕینیان تێدایە، لەگەڵ ئیکسسواراتە هاوتاکانی وەک زێڕینگەریی و بالاپۆش.

---

[٢٨]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شەرکانی لە گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٩.

[٢٩]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا لاو حەسەن گوندی لە شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢١.

[٣٠]) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد شەرکانی گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢١.

مندالانیش دەتوانن جلوبەرگیان بۆ بۆنە تایبەتەکان بپۆشن، باشترین جلوبەرگی نەریتی خۆیان لەبەر بکەن بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگ و کۆبوونەوەکان،(چاوپێکەوتن، علي/١٩/ئازار/٢٠٢٤،گوندی شەرکان). بە گشتی جلوبەرگی نەریتی کوردی لە دۆڵی ئالانە گوزارشت لە میراتێکی دەوڵەمەندی کولتووری و هەستکردن بە شانازیکردن بە ناسنامەی کوردییەوە دەکات. شێوازی پۆشینی جلوبەرگ لە نێو خەلکی ئەم ناوچەیەدا، دیزاینی ئاڵۆز و ڕەنگی زیندوو و پەیوەندییەکی قووڵ بە مێژوو و نەریتەکانیانەوە پیشان دەدات[٣١]

[٣١]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شەرکانی لە گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٩.

## تەوەری سێیەم/

## ڕەوشی سیاسی و نەتەوایەتی دۆڵی ئاڵانە

بێگومان دۆڵی ئەڵانە ناوچەیەک بووە هەمیشە شوێنی ململانێ سیاسییەکان بووە،سەرەتا ئەو ناوچەیە لە ژێر دەستی بەریتانییەکاندا بووە،دوای ئەوەی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە لکێندرا،ناوچەکە کەوتە ژێر دەستی حکوومەتی عێراقەوە بەڵام لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانییەکاندا بووە، بەریتانییەکان هەر لە سەرەتای هاتنیان لەدەووروبەری ئەو ناوچەیە جێگیر ببون،ئەمەش لەبەر ئەوەی ناوچەکە ناوچەیەکی شاخاوییە هێزە شۆڕشگێڕەکان و هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا بوونیان هەبووە. بۆیە هەمیشە بەریتانییەکان دەیانەویست ئەو هێزانە لەناو بەرن ،دوای ئەوەی کە حکوومەتی عێراق هەژمونی خۆی زیادکرد لەوناوچەیە شوێنی بەریتانییەکانی گرتووە،لەو ناوچەیە دەستیان بە لیدانی ئەو پێشمەرگانە کرد کە لەو ناوچەیەدا بوونیان هەبووە(٣٢).

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق وسەرهەڵدانی دەسەڵاتی کۆماری ،ناوچەکە جۆرە ئارامییەکی بە خۆیەوە بینی ،بەڵام زۆری پێنەچوو دووبارە حکوومەتی عێراق دەستی دایەوە کارە دڕندانەکانی خەڵکی ناوچەکەی دەربەدەر دەکرد و زەوییەکانی لەناو دەبردن و ئاوارە و دەربەدەری شارەکانی تری دەکردن بێگومان حکوومەتی عێراق بە شێوەیەکی دڕندانە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دەجووڵایەوە،ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چەندین شۆڕش لەو ناوچەیە سەری هەڵدا بوو وە چەندین پێشمەرگە لەو ناوچەیە بنونیان هەبوو ،خەڵکی ناوچەکە هاوکاری پێشمەرگەیان دەکرد(٣٣).

دۆڵی ئالانە ناوچەیەکی شاخاوییە بۆیە پێشمەرگەیەکی زۆر لەوێ بوونی هەبوو،پشتیان بە خەڵکی گوندەکانی ناوچەکە بەستبوو، بۆ خۆراک وکەلوپەلی زستانان،لە دوای هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر دەسەڵات خەڵکی ناوچەکە تووشی دەربەدەری زۆر بوو،بە دەیان جار گوندەکانیان وێران کراون و کیمیاباران کراون و خەڵکیان لێ کوژراوە ،حکوومەتی بەعس بەبیانوی و ئەوەی کە پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا بوونی هەیە ،دەیان جار کیمیابارانی

---

(٣٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عبدللە حسن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٢،لەدایکبووی ١٩٩٦،لەگوندی بناویە،قوتابی زانکۆ.

(٣٣) هەمان سەرچاوە

ناوچەکەی کردووە و دەیان خەڵکی کوشتووە بە سەدان زەوی لە ناو بردووە و بەروبومە کشتوکاڵییەکانی هەر هەمووی وێران کرد دەیان جار گوندەکان چۆڵکراون و ئاوەدان کراونەتەوە بەڵام حکوومەتی عێراق بە بیانووی جۆراوجۆر دووبارە وێرانی کردوونەتەوە وەدەیان خێزانی ناوچەکەی گواستووەتەوە بۆ ناوچەکانی تری کوردستان،زانیاری پێگەیشتبوایە هەر هاوڵاتییەک یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگە دەدات ئەوە دەیگرت و زیندەبەچاڵی دەکردن،لە سەرەتایەکانی ساڵی ١٩٨٨ تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩ حکوومەتی عێراق بەدەیان گوندی ناوچەکەی کیمیاباران کردووە،دوای ئەوەی حکوومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٨٨)ز، ئەو هێزە سەربازییانەی لەو ناوچەیە جێگیر کردبوو لایبردن و ناوچەکەی کیمیاباران کرد ،ئەمەش بە بیانووی ئەوەی کە هێزێکی زۆری نەیارەکانی لەم ناوچەیەدا بوونی هەیە ،بەڵام دوای بەهاری ساڵی (١٩٩١)ز، ڕاپەڕین لە سەرتاسەری کوردستان ڕووی دا و خەڵکی دۆڵی ئالانە و دۆڵی بالیسان و خەلیفان دەستیان بە ڕاپەڕین کرد و هێزەکانی حکوومەتی عێراقیان لە ناوچەکەدا دوورخستنەوە و پاک بووەوە لە هێزەکانی حکوومەتی عێراق،بەڵام دواتر دووبارە گەڕانەوە بۆ ناوچەکە و تا ساڵی (٢٠٠٣)ز، بە یەکجاری ناوچەکە ئازاد کرا،بێگومان حکوومەتی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە تاکوو ڕووخانی هەمیشە هەڵوێستێکی دڕندانەی بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە گرتۆتەبەر[٣٤].

**باسی یەکەم. گرنگی شوێنی دۆڵی ئالانە بۆ شۆڕش و بزاڤی چەکداری:**

لێرەدا باسی یەکێک لەو شوێنە مێژووییانە دەکەین کە هەمیشە بۆتە ئامانجی حکومەتی عێراق ئەو شوێنەش کەپکی حەمەد ئاغا یەکێکە لە کەپکانەی زنجیرە چیای ڕەش لە بانی هەریر بە کۆمەڵێک گوند دەورە دراوە گوندەکان بناری کەپکی حەمەد ئاغا لەدیوی باشوور پێک دێن لە هەروتەکۆن و سارتکە و تووتمەرە و تاراوە و شارسینە لە دیوی باکوور گوندەکانی شەکرۆک (حەسەناوە) شێخ مەمودیان و سیساوە و شیناوە و خرواتان و باویان هەن،بۆچی ئەم ناوەی لێنراوە ؟ دیارە خاوەنداریەتی وەک موڵک بۆ یەکێک لە ئاغا کانی گوندی شارسینە دەگەڕێتەوە کە بە چوار پشت دەگاتەوە احمد ئاغا باپیرە گەورەی خەڵکی گوندی شارسینەیە، بەچوار پشت دەگەڕێنەوە سەر ئەحمداغا، ناوی احمد بۆ سوکی زمان کورتکراوەتەوە بۆتە حمد بۆیە پێ دەڵێن کەپکی حەمەد ئاغا ،دیارە لەگەڵ بیستنی ناوی کەپکی حەمەد ئاغا کۆمەڵێک یادەوری تاڵ لە ڕابردووی هەر تاکێک

---

([٣٤]) هەمان سەرچاوە.

لەم کۆمەڵگایە بەتایبەت ناوچەی هەروتیاتی دێنە خەیاڵ ،کەپکی حەمەد ئاغا یەکێکە لەو لوتکە چیانەی هەر کەس داگیری کردبا ڕزگارکردنی لەلاینی بەرامبەر قورس بووە کۆڵانەکەش بە دیوی باکور شۆڕدەبێتەوە خوارەوە بەهۆی سەختی شوێنەکە هەمیشە بۆتە جێگای سەرەنجی هەموو لایەک چونکە هەرکەس ڕەبایی کەپکی حەمەد ئاغای گرتبوایە بە ئاسانی ئەیتوانی زیان بە هێزی دووژمن بگەێنێت وە لە دیووی خۆر هەڵات زینەتیر بوونی هەیە،لە خوار کلاو قاسم وە دیوی ڕۆژئاوا گۆڕبە شیلان هەیە[٣٥] .

دۆڵی هەروتیایەتی یەکێک بووە لەم دۆڵانە بە درێژای مێژوو زۆرترین شەڕی بەخوە بینوە بەهۆی ئەوەی خەڵکی زۆر لەم ناوچە شەهیدبووە لەشەڕی بەرەنگاری ڕێگای ڕزگاری کوردستان زۆر جار لەلاین خەڵک بە دۆڵە فتنە ناوی ڕۆیشتووە بۆیە لە هەموو شەڕەکانیش پشکی شێر بەر ڕۆڵە ئازاو چاوەترسەکانی هەروتیایەتی کەوتووە لە هەموو کاتێک بێ ویستی خۆیان پرشکی ئاگر بەرۆکی گرتوون لێ دەرباز نەبوونە هەمیشە هەر لە کۆنەوە لە شورشەکانی ئەیلول و گوڵان و شەڕەکانی دژی ڕژێمی بەعس بۆتە لانکەی حەوانەوەی پێشمەرگە بێ ترس و بێ گوێدانە هیچ شتێک هەمیشە دەرگایان والا بووە بۆ پێشمەرگە هەمیشە ماڵەکانیان خانە خوێ بووە بۆیە بە خەڵکێکی بە ئەمەک و نان دەرو سەخاوەت و مەرد ناوبانگیان دەرکردووە[٣٦]

**باسی دووەم :بارودۆخی دۆڵی ئالانە لە شۆڕشی ئەیلوول:**

گەر سەرەتا باسێکی شۆڕشی ئەیلوول بکەین ،یەکەم شەڕی کورد و عێراق بووە ناسراوە بە شۆڕشی ئەیلوول شەڕێکی چەکدارییە کە لە ساڵانی ١٩٦١–١٩٧٠ لە باشووری کوردستان ڕوویدا. لە دیارترین سەرکردە سەربازییەکانی عێراق کە لەو ماوەیەدا بەشدارییان لە ململانێی باشووری کوردستاندا کرد، خەلیل دەباغ، سەعید حەمۆ و عەبدولجەبار شانشیل بوون، لە لایەنی کوردەوە خەباتەکە لەلایەن مستەفا بارزانییەوە سەرکردایەتی کرا لە هەوڵێکدا بۆ دامەزراندنی کارگێڕی سەربەخۆی کوردی لە باکووری عێراق. لە ماوەی شەستەکاندا ڕاپەڕین پەرەی سەند و بوو بە شەڕێکی درێژخایەن، کە سەرەڕای گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی دەسەڵات لە عێراقدا، نەیتوانی چارەسەری بکات. لەکاتی شەڕدا ٨٠٪ی سوپای عێراق لە شەڕ لەگەڵ کورددا بەشدار بووە. شەڕەکە بە

(٣٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ،مەجید تەقیەددین لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٧ لەدایکبووی ١٩٧٨،لەگوندی ئالانە.
(٣٦) هەمان سەرچاوە.

سەرکەوتنی کورد لە ساڵی ۱۹۷۰ کۆتایی هات و لە ئەنجامدا لە نێوان ۷۵ هەزار بۆ ۱۰۵ هەزار کەس کوژران. زنجیرەیەک دانوستانی عێراق و کوردەکان دوای ئەو شەڕە لە هەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە هاتە ئاراوە. دانوستانەکان بووە هۆی ڕێککەوتنی خۆبەڕێوەبەری بۆ کورد لە ساڵی ۱۹۷۰[٣٧].

لە ساڵی ۱۹٦۱ تاکو ساڵی ۱۹۷۰ مەلا مستەفای بارزانی لەو ناوچەیە شۆڕشی کردووە هەوشان لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە وە خەڵکی ناوچەکە ڕۆڵیان هەبووە لە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە لە شۆڕشی گوڵان و شۆڕشی ئەیلول کتێبی بیرەوەرییەکانم باسی شەڕی چیای کۆڕەک دەکات، لە تەمووزی ۱۹٦٥کە باس لەوە دەکات کە مەلا مستەفای بارزان چووە بۆ چیای کۆڕەک بۆ ڕووبەڕوبونەوەی هێزە عێراقییەکان لەوێوە چەندین تۆپخانەیان داناوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ هێزە عێراقیەکان کە باس لەوە دەکات کە هێزە خۆفرۆشەکان چەندین جار هەوڵیانداوە کە لەو ناوچەیەدا کۆتایی بە پێشمەرگەکان بێنن لە کۆتایی توانیان ئەوە بکەن و هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە بکشێننەوە وە چەندین بریندار و کوژراویش لەو ناوچەیە بوونیدا هەبووە خەڵکی ناوچەکەش لەگەڵ شۆڕش بوونەوە و هاوکاری شۆڕشیان کردووە و خواردنیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بردووەوە هەروەها ڕێنیشاندەری هێزەکانی پێشمەرگە بوونە دژی سوپای عێراق باس لەوە دەکات کە سەربازگەیکیش لە خەلیفان نزیک دۆڵی ئالانە بوونی هەبووە بەڵام لەو ڕۆژە فریای ئەوە نەکەوتوونەوە کە لەو سەربازگەیە بدەن و کۆتایی پێ بێنن ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە تووشی زەرەر و زیانێکی زۆر ببن و ئەمە جگە لەوەی کە خەڵکی ناوچەکە تووشی پەلاماری هێزەکانی عێراق بوونەوە و زیانێکی زۆریان بەر کەوت[٣٨] .

### باسی سێیەم: بارودۆخی سیاسی دۆڵی ئالانە ساڵانی هەشتاکان:

یەکێک لە کارەساتەکانی دۆلی هەرووتیایەتی ساڵی ۱۹۸٥ پێش ئێستا لەکاتی وتاری هەینی ڕژێمی بەعس بە فرۆکە ، گوندی بناوی بۆردومان کرد کە چوار شەهید و چوار بریندای لێکەوتەوە و تا ئێستاش بریندارەکان بەو برینەوە دەناڵێنن .

---

[٣٧] خدر دەباغ، بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی مەزنی شۆڕشی ئەیلول، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣، ل٦٧.

[٣٨] هەمان سەرچاوە.

ڕۆژێکی خوێناوی بۆ گوندی بناویە(٣٩) ساڵ بەر لەئێستا و لە ڕۆژی ١٩٨٥/٧/٥ فڕۆکە مەرگ هێنەرەکانی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو..دوای شکست و تۆمار کردنی داستانێکی گەورە و مێژوویی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەدۆڵی ئاکۆیان .ڕژێم بۆ قەرەبوو کردنەوەیی شکستەکەی و بە دوو فرۆکەی پیلاتۆز ، کە هەردوو بارەگای کەرتی ڕێکخستنی رواندز و تیپی ١٩/ی کۆڕەک لە گوندی بناویە (دۆڵی ئاڵانە) بوون..

رۆژی هەینی لە کاتی خوێندنەوەیی وتاری هەینی لە لایەن ماموستا ملا محمد خۆشکانی کە خەڵکەکە هەر هەمووی لە ژووری مزگەوت بوون ..

فرۆکەیی یەکەم گەڕەکی سەرووی گوندی بۆردومان کرد و لەو کاتە بەشێکی زۆری *دانیشتوانی* مزگەوت دەرچوون لە مزگەوتەکە ، فرۆکەی دووەم مزگەوت و دانیشوانی مزگەوتی کردە نیشانە ..

لەو کۆمەڵ کوژیە چوار ڕۆڵەی ئەم گوندە خێر کوژران، چواری تری بریندار کرد .

کوژراوەکان:- لەڕاستەوە

١-ئەنوەر حەمەد پێشمەرگەی ئازای شۆڕەشی ئەیلول و پێشمەرگەیی مەفرەزە سەرەتایەکانی شۆڕەشی نوێی گەلەکەمان .ئەو پیاوە قارەمانە پێشتر و لە بۆسێکی ڕژێم بەسەختی بریندار ببوو..خێزان و منداڵاکانی دەست بەسەرو ڕەوانەی خوارووی عێراق کران.

٢- ئاودەل مستەفا ئاودەل .خێزاندار

٣-مغدید ئەحمەد رسول . خێزاندار

٤-حمدامین ابراهیم حمدامین .خێزاندار

بریندارەکان :-

١- ئەحمد محمد حاجی (ئەحمۆ) یەکێک لە بریندارە سەختەکان .دواتر کەم ئەندام بوو..

٢- جەلال حەمەد عوسمان.

٣-مەهیە حەمەد عوسمان .

٤-فاتیمە خالید دایکی جەلال حەمەد[٣٩].

دۆڵی هەروتیاتیش وەک هەموو شوێنێکی ئەم کوردستانە بێ بەش نەبوو لە وێرانکردن و سوتاندن کە چەندین جار سوتاوە وە خەڵکەکەی بۆ ئۆردووگا زۆرە ملێکان گواستراوەتەوە وە لەساڵی ١٩٨٧ بەچەکی کیمیاوی کیمابارن کراوە،هەر لە دۆڵی

---

([٣٩]) چاوپێکەوتن لەگەڵ،هیمداد فەیسەل ،٢٠٢٣\١\٥، لە ساڵی ١٩٩٥ لەدایکبووە، لە گوندی بناویە، شوێنەوارناس.

خۆشناوەتی تا دەگاتە خەلیفان کیمیا باران کراوە بەدرێژای چیای ڕەش بۆمبی کیمیاوی لێدراوە،بەڵام خۆشبەختانە بەهۆی ئەوەی لەم ساتە بارانێکی زۆر باریوە بۆیە زیانەکانی زۆر کەم بووە لەم دۆڵە بەڵام بەشێکیان ئێستاش کاریگەری کیمیاویەکیان لەسەر ماوە دوای ئەوەش لەساڵی ۱۹۸۸و ۱۹۸۹ کەوتۆتە بەر شاڵاوی ئەنفاڵ کە خەڵکێکی زۆر لێ ئەنفاڵ کراوە بەتایبەت لە گوندی بلەی خواروو کە ژمارەی ئەنفالەکانی سەرووی ۳۰ کەسە وە لە هەموو شۆڕشەکان لاوەکانی ئەم دەڤەرە بە شێوەیەکی بەرچاو لەڕیزی پێشمەرگە ئازاو دلێرو چاونەترسەکان بینراون دوای ۱۹۹۱ دۆڵەجارێکی تر ئاوەدان کراوەتەوە ئێستاش بەیەکێک لە شوێنە ستراتیژیەکانی قەزای خەلیفان دائەنرێت ، بەهۆی سروشتی جوان دڵ ڕفێن و شاخە بەرزو ئاو هەوا فێنک و سازگارەکەی بۆتە شوێنێکی گرینگی گەشتیاری کە خەڵک لەهەموو ناوچەکانی کوردستان و لە عێراق بەمەبەستی بەسەر بردنی کاتێکی خۆش ڕووی تێدەکەن[٤٠]

وەگەر باس لەگرینگترین جوڵانەوە سەربەخۆخوازیەکانی دۆڵی ئاڵانە بکەین،بێگومان دۆڵی ئاڵانە یەکێکە لەو ناوچانەی کە چەندین جوڵانەوەی تێدا ڕووی داوە،ئەمەش لە بەر ئەوەی کە خەڵکی ناوچەکە هەمیشە هاوکاری پێشمەرگە بووە،ڕۆڵیان هەبووە لە سەرکەوتنی شۆڕشەکان بە تایبەتی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان بێگومان هەوڵی خەڵکی ناوچەکە بریتی بۆ لە هاوکاری کردنی هێزەکانی پێشمەرگە هەمیشە هاوکاری پێشمەرگەکان بوونە و ڕێنیشاندەری پێشمەرگە بوونە دۆڵی ئاڵانە بەهۆی هەڵکەوتنی شوێنەکەیەوە کە ناوچەیەکی شاخاویی بۆیە هەمیشە بۆتە ململانێی نێوان هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە بێگومان بەعسیەکان هەمیشە هەوڵیان داوە کە ئەو ناوچەیە پاک بکەنەوە لە هێزەکانی پێشمەرگە ئەمەش وای لە خەڵک کردووە کە بەرپەرچی هێزەکانی عێراقی بدەنەوە وە دواتر خەڵکی ناوچەکە ئەوانەی توانیوی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی عێراقیان هەبووە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و ئەوانەی کە توانای ئەوەیان نەبووە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێزەکانی عێراق ببنەوە چۆڵیان کردووە دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق کشاونەتەوە گەڕاوەتەوە ناوچەکانی خۆیان[٤١]

---

(٤٠) پەیوەندی تەلەفۆنی ( کەریم وسوو) لەڕێکەوتی، ۲۰۲۳/۱۵/۱۱،پیشە مامۆستا.

(٤١) هەمان سەرچاوە.

## ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. لەئەنجامی ئەو توێژینەوەی کە خستمانەڕوو ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە ناوی دۆڵی ئالانە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە و پەیدابووە.

٢. لە ڕووی جوگرافیاوەش هەڵکەوتەی جوگرافی و پێگەی ناوچەکە بۆ ڕووندەبێتەوە کە کەوتۆتە چ ناوچەیەک و بارودۆخی بە چ شێوەیەکە.

٣. لەمیانەی توێژینەوەکەماندا پێگەی کارگێری و سیاسی دۆڵی ئالانەمان بۆ دەرکەوت.

٤. بەم چەشنە پوختەیەک لەمێژووی دۆڵی ئالانە و بنەماڵەکانی شارەزابووین کە زانیارییەکی ئەوتۆمان نەبوو دەربارەی.

٥. دۆڵی ئالانە هەردەم پاڵپشتبووە بۆ خەباتی کوردایەتی و هیچ شتێک واینەکردووە کەوا لێی سارد ببێتەوە و هەردەم بەشداری هەبووە لە پێشهات و ڕووداوە سیاسیەکاندا. وە بوونی چەندان خەباتگێر و شۆڕشگێر بۆ درێژەدان بە خەباتی کوردایەتی.

٦. دۆڵی ئالانە چەندین جار دووچاری کاولکاری و ماڵوێرانی بۆتەوە لەلایەن ڕژێم و دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان کە بۆتە هۆی تێکدانی ماڵەکان و سووتاندنی زەوییەکان و ئاوارەبوونی دانیشتووانی و دوورکەوتنەوەیان لە زێد و لانەی خۆیان.

٧. گودۆڵی ئالانەخاوەن چ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیە و لەسەر چ بنەمایەکی کۆمەڵایەتی دامەزراوە.

٨. شارەزای پێگە ئابووریەکەی گوندی دۆڵی ئالانە دەبین، کە خاوەن پێگەیەکی ئابووری زۆر گەشەسەندووە. توانا ئابووریەکەی دۆڵی ئالانەمان بۆ دەردەکەوێت کە خاوەن خاکێکی بەپیتە لەبەرهەمهێنانی بەروبوومە جۆربەجۆرەکان. ئاشنا دەبین بە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی دۆڵی ئالانە لەبواری کشتوکاڵی و بازرگانی. شارەزای دیارترین پیشە دەستییەکان دەبین

## لیستی سەرچاوە

### یەکەم. کتیب:

- خدر دەباغ، بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی شۆڕشی مەزنی شۆڕشی ئەیلوول، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣.
- ڕەسول هەڵگورد محەمەد، گوندە ڕۆژ، چ١، چاپخانەی ئەحمدی خانی، دهۆک، ٢٠١٩.
- عەبدوڵلا غفور (دکتۆر)، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر،چ٢، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٥.

### دووەم. چاوپێکەوتن:

- ئەحمەد ڕوماوێژی لە گوندی ڕوماوێژ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢٠.
- ئەنوەر حەسەن لە گوندی بناویە لەڕێکەوتی ٢٠٢٣\١٠\١٢.
- ئەیوب ئەسعەد لە گوندی زیلەکان لە ڕێکەوتی،٢٠٢٣\١٠\١٢.
- خالید لاوە مستەفا گوندی تاراوە لەڕێکەوتی ٩/١٠ /٢٠٢٣.
- خدر عەزیز حەمەد لەگوندی بناویە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/١٩.
- ڕەشاد احمد لە قەزای خەلیفان لەڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٢٤ .
- سەربەست احمد لە خەلیفان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣\٩\١٨.
- عەلی شەرکانی لە گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٩.
- قادر حسێن محمد لە گوندی تاراوە لەڕێکەوتی٩ ٢٠٢٣\١٠\١.
- محەمەد شەرکانی گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢١.
- محەمەد عەبدوڵلا حەسەن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٢.
- مستەفا لاو حەسەن گوندی شەرکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢١.
- مەجید تەقیەددین لە گوندی ئالانە ٢٠٢٣\١٠\٢٧.
- مەجید تەقیەددین لە گوندی ئالانە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٧.
- مەلا مستەفا کریم لە گوندی زیلەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣\١٠\١٢.
- مەلا مستەفا کریم لە گوندی زیلەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣\١٠\١٢.

- هیمداد فەیسەل لە گوندی بناویە ٢٠٢٣\١/٥.
- هیمداد فەیسەل لە گوندی بناویە ڕێکەوتی ٢٠٢٣\١/٥.

## سێیەم. پەیوەندی تەلەفۆنی:

- معین پاشا صدیق لە ڕێکەوتی،٢٠٢٣\١٠\١٤
- بارزان محمد براهیم لە ڕێکەوتی٢٠٢٣/١٢/١٠
- کەریم وسوو لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٥/١١.

## چوارەم. بەرنامەی تەلەفزیۆنی:

- بەرنامەی دیدەنی، لە گوندی بناویە، (حەسەن احمد)، کەناڵی فاملی تیڤی،لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٤ پەخشکراوە.
- بەرنامەی دیدەنی ، لەگوندی بناویە،کەناڵی فاملی تیڤی، (ئەنوەر حەسەن عاجی) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٤ پەخشکراوە.
- بەرنامەی میوانی ناوەخت، کەناڵی ڕەنگ تیڤی (جمال احمد زێنەدین) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢
- بەرنامەی میوانی ناوەخت، گوندی ڕوماوێژ، کەناڵی ڕەنگ تیڤی (عەزیز حەسەن برایم) لە ڕێکەوتی،٢٠٢٢/١٠/٢

پاشکۆ

(١)

نەخشەی دۆڵی دۆڵی ئالانە




(٢)

دیمەنێکی دۆڵەکە

(٣)

گوندی ڕماوێژ



